# مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، زمانزان و وەرگێڕ

**هۆشیار بەکر عەزیز**
**(کەرکووک)**

**(١- ٢)**

## پێشەکی

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ڕۆشنبیرێکی ئینسیکلۆپیدیایی و هەڵگری پەیامی نەتەوایەتی بوو، ڕۆڵێکی گەورەی لە زۆربەی بوارەکانی نووسیندا گێڕاوە، بەتایبەتی بواری مێژوو، یەکێک بووە لە قەڵەمە ئازا و بوێرەکانی کورد، لەبواری نووسیندا زمان و ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆی هەبووە، مێژووزان و مێژوونووسێکی بەسەلیقە و پڕ بەرهەم بووە، هەروەها لە زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکانی تریشدا قەڵەمێکی بەبرشتی هەبووە، شاعیرێکی هەست ناسک، چیرۆکنووسێکی بە سەلیقە، لێکۆڵەرێکی لێهاتوو، زمانزان و وەرگێڕێکی خاوەن توانست بوو. بەردەوام عەودالی زانیاری و توێژینەوەی زیاتر بووە، چاوەکانی چرکاندوویەتی، زەینی هەڵیگرتووە، خامەکەشی خستوویەتییە سەر کاغەز، ماندووبوونی نەزانیوە، نەچووە لەژێر سێبەری درەختی داهێنانە دێرینەکان لێی پاڵ بداتەوە. لەپای توێژینەوە و داهێنانەکانی لەبواری مێژوودا، چەندان خەڵاتی پێ بەخشراوە، دیاریترینیان مەدالیای زێڕینە کە لەلایەن یەکێتیی مێژوونووسانی عەرەبەوە پێی بەخشراوە.

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لەقۆناغێکی مەعریفی سنووردراردا کە حوجرە ڕابەرایەتی دەکرد، لەدایک بووە، ژیانی کۆمەڵایەتی و زۆربەی کایەکانی تری ژیان لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی ئاغا و دەرەبەگدا بوو، دوور لە دەسەڵاتێکی شارستانی و مۆدێرن بەڕێوە دەبرا.

ڕۆژبەیانی لەو بوارەدا درێغی نەکردووە و هەوڵی بێوچانی داوە، بیری لەبنیادنانەوەی کۆمەڵگەیەکی سەرفراز و سەربەخۆ کردووەتەوە کە مرۆڤی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بەرهەم بهێنێت، باوەڕی بەپڕوپوچ نەبێت و شکۆی پارێزراو بێت و بڕیاری چارەنووسسازی بەدەست خۆی بێت. هەمیشە خامەکەی لەکاردابووە، بەهەڵوێست و بەنووسین داکۆکی لەمرۆڤی لێقەوماو و دۆزی ڕەوای میللەتەکەی کردووە، نووسینەکانی هۆکاری وروژاندنی هەست و سۆزی خەڵک و چەکەرەکردنی هەڵوێستی نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی وەرەی مرۆڤی

ژێردەست و زوڵم لێکراو بووە. چاوەڕوانی ئەوە بوو خەونە پەمەییەکان و ئاواتە خکێنراوەکانی لەمێژینەی نەتەوەکەی ببینێ، بۆیە هەمیشە بەگەشبینییەوە دەیڕوانییە دواڕۆژی نەتەوەکەی، بەداخەوە ئەو ڕۆژەی نەبینی.

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی هەر بابەتێکی بخوێندبایەوە ئەگەر سوودبەخش و بێ هەڵە بووایە، دەستخۆشی و خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕی، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەک لە شێوەکان پێویستی بەتێبینی و چاککردنەوەی هەڵە بووایە، ئەوە خامەکەی دەخستەکار و بەبیرتیژی و شارەزاییەکەی خۆی هەڵەکانی چاک دەکردنەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژبەیانی ئەوەبوو، هەر چەندە لەبنەماڵەیەکی ئایینیدا چاوی بۆ ژیان هەڵهێنابوو، لە حوجرە فێری خوێندن و زانستی ئایینی بووبوو، بەڵام توانیبووی خۆی لەو شێوازە نووسینە تەقلیدییەی (لاساییکەرەوە)ی زانایانی ئایینی قورتار بکا و بەشێوازێکی پاک و بێگەرد و ڕەوان، دوور لە وشەی عەرەبی و تورکی و فارسی، بەزمانێکی پاراوی کوردی بنووسێ کە پڕ بێت لە دەستەواژەی ئەدەبیی و هونەریی دارشتن و ڕەوانبێژی دەربڕین و میتودی سەردەمیانەی پێوە دیاربێت، ئەوەی بە نووسینەکانی ڕۆژبەیانی ئاشنا بووبێت، لەکاتی خوێندنەوەیدا دەزانێ ئەوە نووسینی ئەوە، ئەگەر ناویشی لەسەر نەنووسرابێت، نووسین و بۆچوونەکانی ڕۆژبەیانی بەرجەستەن بۆ سەردەمێک لێوانلێوە لەتاوان، کۆمەڵکوژی و داگیرکردنی خاک و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی مێژوو و شوناس و کەلەپووری نەتەوەیەک، بۆ هەر شوێنێک ڕۆیشتبێت، بۆ هەر کەسێک قسەی کردبێت، هەر کورد بووە و کوردبوونی خۆی لەئامێز گرتووە، لەو پێناوەشدا باجی گەورەی داوە کە زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوە و هەوڵدان بۆ کوشتنی بووە، زیندانەکانی کەرکووک و نوگرە



مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

سەلمان و ناسرییە، شایەتی بوێری و ئازایەتی (ڕۆژبەیانی)ن، هیچ کاتێک لەژێر کاریگەری ناهەمواری ڕۆژگار بیروبۆچوونی خۆی نەگۆڕیوە. مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی کە لەبواری مێژوو و ئەدەبی کوردیدا هەیبوو، لە حوجرەی ئاواییەکانی گەرمیان و چەند شارێکی دی کوردستانەوە گەیشتە باڵاترین دەزگای زانستی کوردستان کە ئەویش کۆڕی زانیاری کورد بوو.

## مێژووی نووسینی زمانی کوردی

زمان گوێزەرەوەی ڕووداوەکانی ڕابوردوو و مێژوو و کەلەپوور و کولتوورە، کۆڵەکەیەکی پتەوی بنیادنانی نەتەوە و هۆکارێکی سەرەکی مانەوەیەتی.

جێی سەرسوڕمانە کەوا زمانەکەمان بەجۆری ئێستاکەی لەلایەنی جوانی و دامەزراوەییەوە لەچنگی درندەی ڕۆژگار و ڕووداوە سامناکەکانی ڕزگار بووە، نەک هەر زمان، بەڵکوو وابووە میللەتێک خۆیشی لەناو چووە لە ئەنجامی ڕووداوی کەمتر ناخۆش لەوەی بەسەر کوردا هاتووە (١).

تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی کۆنی باوەڕپێکراو لەبەردەستدا نییە کە بیسەلمێنێ مێژووی نووسینی کوردی لەکەیەوە دەستی پێ کردووە. گیوی موکریانی نووسین بەزمان و ئەلفوبێی کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ پێش ئیسلام، دەڵێ: لەپێش ئیسلامدا پەرتووک و نووسراو بەزمان و ئەلفوبێی کوردی ئەوەندە زۆر بووە نایەنە ئەژمارەوە (٢). مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی گومانی لەوە هەبووە نووسینی کوردی پێش ئیسلام هەبووبێ، لەم بارەیەوە دەڵێ: بەهۆی ملکەچی بۆ ئەو دەسەڵاتانەی کە وڵاتەکەیان داگیر کردووین، ناچاری ئەوە بووین کە دەس لە نووسینی کۆنی خۆمان هەڵبگرین، ئەگەر ڕاست بێ کە نووسینمان هەبووبێ (٣). کۆنترین سەرچاوە باسی نووسینی کوردی دەکات جێگای گومانە و گەنگەشەی زۆری لەسەر کراوە، (ابن وحشیة) کە لەسەدەی سێی کۆچی (نۆی زایینی)دا ژیاوە لەکتێبی (شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام) باسی چەند کتێبێک دەکات کە بەزمانی کوردی نووسراونەتەوە، دەڵێ: لە بەغدا لە سندووقێکی داردا نزیکەی سی کتێبم بینی، دوو لەو کتێبانە لەشام پێیم بوو بەناوی (افلاح الکرم والنخل) و (علل المیاه)، لەزمانی کوردییەوە گۆڕیمە سەر زمانی عەرەبی بۆ ئەوەی خەڵکی سوودی لێوەرگرن (٤). ئەم قسەیەی (ابن وحشیة) لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەرکراوە، لەلایەن چەند نووسەرێکەوە ڕاو بۆچوونی جیاوازیان لەبارەیەوە هەیە. محەمەدی مەلا کەریم، بیروبۆچوونی خۆی لەسەر دەقی نووسینەکەی (ابن وحشیة) نووسیوە و کتێبەکەی بە زۆر گرنگ ناو دەبات (٥). جەرجیس فەتحوڵڵا بەدواداچوونی بۆ وتارەکەی محەمەدی مەلا کەریم کردووە و دەڵێ: ئەم کتێبە (شوق المستهام) ساختەیە و بوونی نییە، بەڵگەی ئەوەیە کە (ابن الندیم) لە کتێبی (الفهرست) دا کاتێ باسی کتێبەکانی (ابن وحشیة) دەکات، ناوی ئەم کتێبەی تێدا نییە (٦). د. زرار سدیق تۆفیق بەڕاشکاوی بیروبۆچوونی خۆی لەسەر نووسینەکەی (ابن وحشیة) دەربڕیوە و دەڵێ: کێ هەیە حەز نەکات میللەتەکەی ئەوەندە پێشکەوتوو بووبێت و گەیشتبێتە ئەو ئاستەی ببێتە خودان ئەلفوبێی خۆی و کتێبی زانستی پێ دابنێت، بەڵام مەخابن ئەم کتێبە ساختەیە و ئەم ئاخافتنە هەڵبەستراوە هەرگیز نابنە بەڵگە بۆ هەبوونی ئەو حاڵەتە (٧).

پاشان ئەلکسەندەر ژابا ناوی چەند شاعیرێکی نووسیوە، یەکێکیان دەبێ لە سەدەی یازدەدا (زایینی) ژیابێ، گوایە زۆر کەم لە بەرهەمەکانی ماوە، دووریش نییە لەبەر ئەم هۆیەی خوارەوە کەمتر گازندەی ئەم دیاردەی نەمانی بەرهەمەکەی لێ بکرێت، چونکە بەرهەمەکە لەبەر دەستدایە و پڕە لە وشەی بیانی، لەجیاتی ئەوەی بەزمانی ئاسایی خەڵک نووسرابێ (٨).

هەندێ لە شاعیرانی سەدەی نۆزدەم، لەوانە (نالی، کوردی، سالم، حاجی قادری کۆیی)، شیعرەکانیان بەدەستنووسی نووسراون، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە نووسینی کوردی لەو سەدەیەدا هەبووە.

لەساڵی ١٨٩٨ یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە بەناوی کوردستان دەردەچێت، ئەم ڕۆژنامەیە بەپیتی عەرەبی نووسراوە و وشەی بیانی (عەرەبی و تورکی) لەکاتی خوێندنەوەیدا زۆر بەرچاو دەکەوێ.

لەساڵی ١٩٢٠ ئەمین فەیزی بەگ لە ئەستەنبوڵ کتێبی (ئەنجوومەنی ئەدیبان)ی چاپ کرد، لەو کاتەدا گرنگییەکی تایبەتی هەبووە و دەڵێ: ئودەباو شوعەرای کورد زۆرن، لاکین ئاثاریان بەتەواوی جەمع و تەئلیف نەکراوە، من نییەتم

کرد کە بەعضێ لەئەشعاری کوردی بابان طەبع و نەشر بکەم تا بزانرێ موڵکی بابان چەند مەنبەعی فەیض و ذەکایە (٩)، ئەمین فەیزی یەکەم کەس بووە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی نووسیوەتەوە و تێیدا کورتە باسێکی شاعیران (مەولانا خالید، نالی، شێخ ڕەزا، ئەحمەدی کۆر، ئاهی، مەولەوی، هجری، سالم، ...تاد) کردووە و هەندێک لە هۆنراوەکانیانی نووسیوەتەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە شێوازی نووسینی ئەو کتێبانە، دەبینین بەشێوەیەک نووسراوە کە پڕیەتی لە وشە و دەستەواژەی بیانی (عەرەبی، تورکی، فارسی)، بەڵام عەرەبییەکان زۆرترن، هۆکارەکەی ئەوەیە کە خوێندن لەو کاتەدا لەحوجرە بووە و زمانی عەرەبی بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە کاریگەری زۆری هەبووە، ئەو شێوە نووسینانە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ شێوە نووسینی ساڵانی حەفتاکان و تا ئێستا هەیە، خۆشبەختانە ئێستا بەزمانێکی پاراوی کوردی دەنووسرێت.

## زانستی زمان

زمان نەک هەر زانستێکی تایبەتە، بەڵکوو هۆکاری سەرەکی لێک تێگەیشتن و پێداویستی مرۆڤەکانە و گرنگییەکی تایبەتی لە ژیانی ڕۆژانەدا هەیە، زمان دوو دیوی هەیە، ئاخاوتن و نووسین، بەڵام ئاخاوتن ڕەسەنترە و پێش نووسین کەوتووە (١٠). دەوڵەتان بایەخێکی زۆر بەزمان دەدەن و توانایییەکی گەورەیان بۆ تەرخان کردووە، زمان خۆی لەخۆیدا کەسایەتییەکی تایبەت بەمرۆڤ دەدات، عەرەب قسەیەکی هەیە، دەڵێ: (کل لسان انسان) هەر زمانێک مرۆڤێکە، واتا مرۆڤ چەند زمان بزانێ، ئەوەندە مرۆڤە. لە ڕێگەی زمانەوە نەتەوە جیاجیاکان دەتوانن لە یەکتری تێ بگەن، بۆیە مرۆڤ دەبێت دوور لە دەمارگیری نەتەوەیی و خۆ ژماردن بەسەر دەستەی خەڵکانی دی هەوڵ بدات زۆرترین زمان بزانێت. نووسەری ئینگلیزی Geoffrey Willans – جیۆفری ویلیانس دەڵێ: تۆ لە زمانی خۆت تێناگەی تا بەلانی کەمەوە دوو زمانی دیکەش نەزانی (١١). ئاشکرایە کە هێزی زمان هاوتایە لەگەڵ بەهێزیی ئەو نەتەوەیەی کە قسەی پێدەکات، سەرچاوەی ئەو هێزە دەسەڵات و ئایینە (١٢). زمان بنەمایەکی سەرەکییە، لەبنیادنان و بەشداریکردنی شارستانیەت، تەنیا ئامرازی دەربڕینی بیر نییە، بەڵکوو قەوارەشە کە تێیدا بیر بەرجەستە دەبێ. زمان نەخشەڕێگای کولتوور و مەعریفەیە، پێت دەڵێ: ئەو خەڵکە لەکوێوە هاتوون و بۆ کوێ دەچن (١٣)، هەروەها زمان ڕۆحی ئەدەبە، دەقی جوان هەمیشە بەزمانەوە جوانە (١٤). زمان کاریگەری و ڕۆڵی سەرەکی لە هەموو کایەکانی ژیاندا هەیە، ژیان بێ زمان وەک لاشەیەکی بێ ڕۆح وایە. زمان بەدرێژایی مێژوو بەیەکێک لە مەزنترین و کاریگەرترین داهێنانی مێشکی مرۆڤ ئەژمار دەکرێت و بەدایکی داهێنانەکان ناو دەبرێت، تەنانەت لە هێندێک کولتووردا زمان لەبەر پیرۆزیی، بەدیاری خواوەند بۆ بەندەکانی خۆی دادەنرێت (١٥). خوای گەورە مرۆڤەکانی لە هەموو گیانلەبەرانی دی جیاکردووەتەوە بەوەی کە زمانی پێبەخشیون، مرۆڤەکانی شەرەفمەند کردووە بەئاخافتن، زانایان بەهۆی دۆزینەوەی ڕەگێکی هاوبەش لە نێوان زمانەکان، توانیویانە خێزانە زمانییەکانی پێ پۆلێن بکەن (١٦). هۆکاری سەرەکی مانەوەی زمانی کوردی و پاراستنی لە لەناوچوون، پەیوەست بوونی مرۆڤی کوردە بەزمانەکەیەوە. زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە،

هەمیشە لەگۆڕان و فراوانبووندایە، زەمەن و کات و بەرەوپێشچوونی زانست، هۆکارگەلێکن کە وشە و دەستەواژەی دی پەیدا ببن، ئەگەر نووسینی کوردی سەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەمی ڕابوردوو لەگەڵ ئێستادا بەراورد بکەین، دەبینین لەڕووی زمان پاراوی و پەیدا بوونی وشە و دەستەواژەی نوێوە گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر نووسینی کوردیدا هاتووە، زمان دیاردەیەکی مەنگ و وەستاو نییە، سیستمێکی دینامیکییە، هەرگیز وەک خۆی نامێنێ، هەمیشە لە هەموو ئاستەکانیدا (فۆنەتیکی، فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکسی، سیمانتیکی، پراگماتیکی) لە جووڵە و گۆڕینێکی بەردەوامدایە، هەندێک لەو گۆڕینانە خێران و زوو دەرکیان پێ دەکرێ، هەندێکی لەسەرەخۆن (١٧).

زمان بە چەندان شێوە وەسف کراوە، زمان ناسنامەیە، ڕوحی زیندووی نەتەوەیە، سەرچاوەی سەرەکی کولتوورە. ڕەسوول حەمزاتۆڤ دەڵێت: زمانی نەتەوان وەک ئەستێرەی ئاسمان وان، من حەز ناکەم هەموو ئەستێرەکان لەناو یەک ئەستێرەی گەورەدا بتاوێنەوە، لەباتی ئەوە ڕۆژ هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، دەبێ ئەستێرەش لەئاسماندا بدرەوشێنەوە، با هەر کەسە خاوەنی ئەستێرەی خۆی بێ (١٨).

## ڕۆژبەیانی و زمان

بێگومان ئەوە زمان و وێژە و کەلەپوورە کە نەتەوەی کوردیان لە نەمان پاراستووە، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لەزۆربەی بوارەکانی نووسیندا ئەسپی خۆی تاوداوە، بەهۆی ئەو توانایییە زۆرەی کە لەبواری زمان و وێژە و کەلەپووری کوردیدا هەیبوو، لەکۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد- لەساڵی ١٩٨١ کراوە بە ئەندامی لیژنەی زمانی کوردی و ئەندامی لیژنەی وێژە و کەلەپووری کوردی (١٩). لە بیروبۆچوونەکانیدا زۆر باوەڕی بەخۆی هەبووە، لەم بارەیەوە وتوویەتی: باوەڕم بەوە بەهێزە کە ڕێگەی چەوت و چێڵم نەگرتووە و لەڕاستی لام نەداوە، ئەوەی بەباشم زانیوە باسم کردووە، ئەوەی خراپە خستوومەتە پشتگوێ و چاوم لەباسکردنی پۆشیوە (٢٠). ئەگەر هەر بابەتێکی خوێندبێتەوە پێویستی کردبێت، لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە، ڕەخنە و پێشنیارەکانی خۆی دەربڕیوە، هەروەها لەسەر هەڵەی زمانەوانیش تێبینی و ڕاوبۆچونی خۆی هەبووە، لەم بارەیەوە دەڵێت: زاراوەکانی (سۆرانی) و (بادینانی) و (هەورامی) چەشنێکی هەڵە و نابەجێ لەناو نووسەرانی کورددا بڵاوبوونەوە، پێش من زانای کوردناس مامۆستای مەزن تەوفیق وەهبی بەگ هەوڵی داوە ئەم هەڵەیە لەمێشکی نووسەران دەربهێنێ، نووسەرانی سادەی کورد (سۆرانی) یان لەباتی (کرمانجی خواروو) و (بادینانی) یان لەباتی (کرمانجی باکوور) و (هەورامی) یان لەباتی (گۆرانی) بەکارهێناوە، کە هەر سێکیان هەڵە و تاوانێکن دەربارەی زمان و ئەدەبی کوردی کراون (٢١)، پاشان ڕۆژبەیانی لەسەر بنەمای مێژوویی و دابەشبوونی جوگرافی ڕاستیی مانای ناوەکانی (سۆران) و (بادینان) و (هەورامی) ڕوون دەکاتەوە، کە هەر یەک لەم ناوانە ئاماژەن بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو لە کوردستاندا و هەر ناوچەیەک بەزاراوەیەکی تایبەت دەدوێن و هەموویان پێکەوە زمانی کوردی پێک دەهێنن، ڕۆژبەیانی ئاماژە بەنووسینەکانی شەرەفخانی بەدلیسی لەبارەی زاراوەکانی زمانی کوردییەوە دەکات و دەڵێ: شەرەفخانی بتلیسی مێژوونووسی ئەمڕۆی کورد، بەر لە چوار صەد ساڵ زمانی کوردی کردووە بەچوار بەشەوە (کرمانجی، گۆرانی، کەڵوڕی، لوڕی)

(٢٢)، هەروەها توێژینەوەکانی تۆفیق وەهبی دەربارەی زاراوەکانی زمانی کوردی زۆر بەلاوە پەسەند بووە.

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ئەو کاتەی لە ئێران دەبێ، لەساڵی ١٩٧٥ یەکەم ژمارەی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردی بەدیاری بۆ دەبەن، دەڵێ: منی تینووی مێژوو و ئەدەب بەتاسوخی کەوتمە خوێندنەوەی.... هەم بە دامەزراندنی دەزگای زانستی کۆڕ گەشامەوە و هەم بەجەم بوونەوەی کۆمەیێ لە کەڵە ئەدیب و زانایانی کورد لەدەوری یەک بەناوی: ئەندامانی کارا، ئەندامانی شەرەف، ئەندامانی یاریدەدەر دڵم ڕوونەوەبوو، بەڵام لەناوی (کۆڕی زانیاری) هەڵوەسەیەکم کرد، لەناو کورددا ((کۆڕ)) ناوە بۆ جێگەیەکی نزمی بێ هەوای گەرم تاڕادەیێ، کورد لای وایە ژووری کۆڕ مرۆڤ تووشی کەچەڵی و گولی دەکات، جگە لەوە خاوەن ڕان و مێگەلی کۆچەر و ڕەشماڵ نشین زستانان لەجێ کۆڕدا دادەسەکێن، هاوینان کە مەڕ دەچنە پاڵ یەک شوان ناهێڵێ ((کۆڕ)) ببەستن.

بەداخەوە یەکێ لە ئەندامان هەمیشە گۆڕی زانیاری دەوت (٢٣). هەر چەندە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ڕەخنە و بۆچوونی خۆی لەسەر وشەی (کۆڕ) خستووەتە ڕوو، بەڵام وشەیەکی گونجاوی بۆ ئەو دەزگا زانستییەی کورد پێشنیار نەکردووە. لە کتێبی (وڵاتەکەت باشتر بناسە) ڕۆژبەیانی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی زمانەوانی بۆ دیاردە سروشتییەکان و ناوەندە ژیارییەکانی کوردستان کردووە، بە وردی و بەسەلیقەوە ڕوونی کردووەتەوە و بە پشت بەستن بەسەرچاوە کۆنەکان کە ئەو ناوانە لەچییەوە هاتوون و چۆن گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، چەند نموونەیەک دەهێنمەوە:

١- ئالان: بەلامی قەڵەو، کوردییە، لەپیشەی (ئالۆسکانەوە هاتووە، کە (ئالاو) و (یەکائالاو) و (تێک ئالاو)ی لێ داتاشراوە، لێرەدا مەبەست پێچ و پلووچی ناو زورگ و هەڵەتی داوێنی چیایە، فارس و تورک و عەرەب لامەکە لاواز دەدرکێنن.

٢- ئەردەوێل دەبێ لەسەرەتادا (هەردەییل) بووبێ، واتا چیاکان و زورگ و هەڵەتەکان، پاشان گۆڕابێ بە (ئەردەبیل) و هیچ پێوەندیێ لەنێوان (ئەردەوێل) و ناوی (ئەرد)ی ئەشکانیدا نییە.

٣- سەحنە لەبنەڕەتدا (سەهەن)ـە، واتا ئەو جێگەیەی کە لەبەر جەنگەڵ و چیای بەرز، خۆر کەمتر دەیگرێ.... پاشان کە عەرەبی ئیسلام وڵاتیان داگیرکردووە، ناوەکە گۆڕاوە بە (صەحنە)، واتە مەیدانی شەڕ.

٤- واژەی قوڵقوڵ، واژەیەکی کوردییە بۆ ئەو کانی و ئاوانە بەکاردێت کە زۆر بەتوندی لەزەوییەوە هەڵدەقووڵێن، ئەم ناوانە زۆرتر لە هەرێمەکانی کوردستاندا بەرگوێ دەکەون (٢٤).

لەهەمان کاتدا سەرنج و بیر و بۆچوونی بۆ چەندان وشە و دەستەواژەی دی دەربڕیوە، بۆ نموونە، دەڵێ: (بابان) لە وشەی (بابا)، یان (باوە) هاتووە کە نازناوی چەندان لەپیاوچاکانی کاکەییە، وەک: (بابا تاهیری عوریان)، (باوەشاسوار) و (باوە یادگار) کە مەبەستی ئەوەیە بڵێ ئەم نازناوە لە (بابا ئەردەڵانەوە بۆ بابانەکان گوێزراوەتەوە (٢٥)، هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەناوی (دەوڵەتی شاهینیی کورد، فەرمانڕەوایی ((شاهێنی)) لە هەوراوەکاندا)، لەسەر وشەی (هەوراو)، دەڵێ: وشەیەکی کوردییە، لەگەڵ زەلکاودا یەک مەبەست دەگەیەنن و یەک واتان، دوور نییە عەرەب ئەم ناوە کوردییەیان

کردبێ بە (هۆر) و (ئەهواری وشەی گشتی)، دەڵێم دوور نییە، چونکە عەرەب لە سەردەمی ئەمەوی و عەبباسیدا وشەی (بطیحة/ بطائح) یان بەکارهێناوە و ئەم وشەی (هۆر)ـە دواتر کەوتووەتە سەر زمان (٢٦).

**پەراوێزەکان:**


١- بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردی دا، مەسعوود محەمەد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٣، ل٤١.

٢- فەرهەنگی مەهاباد، گیوی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٢، ل٩.

٣- زمان و نووسینی کوردی، مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، گۆڤاری هەتاو، ژمارە ٤٤، تشرینی یەکەمی ١٩٥٥، ل١.

٤- شوق المستهام في معرفة رموز الأقلام، ابن وحشية النبطي، تحقيق جمال جمعة، بغداد، ٢٠١٠، ل٢٠٤.

٥- كان للكورد ايضا حروفهم التي يكتبون بها، محمد الملا عبدالكريم، مجلة گولان العربي، العدد٤١، ١٩٩٩، ١٠١.

٦- ابن وحشية واحرف الكتابة الكوردية، جرجيس فتح الله، مجلة گولان العربي، العدد، ٤٨، ٢٠٠٠، ص ٢٥.

٧- کتێبی (شوق المستهام)ی (ابن وحشية) و پرسی هەبوونی ئەلفوبێ و کتێبی کوردی، د. زرار سدیق تۆفیق، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٤٦، ٢٠١٧، ل١١٥.

٨- زمانی کوردان، چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمان، وەرگێڕانی لەئەڵمانییەوە د. حەمید عەزیز، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١١.

٩- ئەنجوومەنی ئەدیبان، ئەمین فەیضی بەگ، توێژینەوەی لیژنەی وێژە و کەلەپوور، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٣، ل٢١.

١٠- گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بەئەلفوبێی عەرەبی، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی نۆهەم، بەغدا، ١٩٨٢، ل١٦.

١١- ئەزموونی پەروەردەیی لە پۆلەوە بۆ پۆل، فازیل شەورۆ، بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی ژیاری پەروەردەیی، ٢٠٢١، ل١٨٦.

١٢- لسان الكورد، مسعود محمد، بغداد، الطبعة الثانية، ٢٠١٠، ل١٢.

١٣- ئەزموونی پەروەردەیی لە پۆلەوە بۆ پۆل، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١.

١٤- وتاری شەورۆ، فازیل شەورۆ، ٢٠٢١، ل٤٤.

١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠.

١٦- بەراوردی نێوان زمانی نووسین و شێوەزاری مزووری باڵا، پەیمان حەسەن محەمەد سەلیم، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٠، ٢٠١٤، ل٥٣.

١٧- مۆرفۆسینتاکس وەک سەرچاوەیەک بۆ دارشتنی وشە لە زمانی کوردیدا، د. وریا عومەر ئەمین، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە٢٩، ٢٠١٤، ل٧.

١٨- داغستانی من، ڕەسووڵ حەمزەتۆڤ، عەزیز گەردی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بەکوردی، بەغدا، ١٩٧٩، ل٧٦.

١٩- الهيئة الكردية في المجمع العلمي العراقي في عامها الثالث، اعداد عبداللطيف عبدالمجيد گلي، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد ـ بەرگی هەشتەم، ١٩٨١، ل٤٢١ ـ ٤٢٢.

٢٠- دەروێشی = تەصەوف لە کوردستانا، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، ئامادەکردنی شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی، کەرکووک، ٢٠١٨، ل١٢.

٢١- کورد و ڕەگەزی ئاری، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، ئامادەکردنی شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی، کەرکووک، ٢٠٠٥، ل٧٣.

٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.

٢٣- پەراوێزێ لە وتاری دەست بژارێک لە کتێبی ....، جەمیل ڕۆژبەیانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە١٣٣، ١٩٩٤، ل٣٥.

٢٤- وڵاتەکەت باشتر بناسە، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، هەولێر، ٢٠٠٥، لاپەڕەکانی ١٣و٢١و٤٨٢و ٦٦٨.

٢٥- پەیدابوونی میرنشینی بابان، د. سەعدی عوسمان هەروتی، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە ١٣، ٢٠٠٩، ل١٠٢.

٢٦- دەوڵەتی شاهینیی کورد، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، شەهیدی فیکری مێژوو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.